سيره: ٢٣

بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر)، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد و على اله و صحبه، السلام عليكم و رحمة الله و بركاته.

له دەرسی پێشتر له خزمەتتان پێکەوە سەفرەکی ڕۆحی و ئیمانیمان کرد، لەبۆ خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەویش جەنابی تازە له خزمەت باری تەعالا دەگەڕاوە، سەفرەی کەونی به به مەندوب، به مومەثیلی هەموو بەشەرییەت وە هەموو مەخلوقات ئیختیار کرابوو بچته خزمەت رب العالمين، وەکو مومەثیلەك هەموو مەنطوق و مەفهومی عبودییەت کەسب بکا، پاشان وەکو وەسیطەك نەقل بکا لەبۆ ئەمەی عیباد ئەمەی ئینسان.

له ضمنی ئەو ڕیحله کەونییه مەجموعه مواصەفات مەجموعه مەقاصد مەجموعه ئەهداف تێیدا مەوجود بوو، جەمعەکیان لەو مەقاصد و ئەهدافانه سەماوین، عاید بوون به ذاتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، خاصصن بەوی، لەبۆ کەمالی مەفهومی عبودییەت، که بەحسمان کرد (سبحان الذي أسرى بعبده)(سورة الاسراء-أية ١)، دەبا ئەو ئیسرائه بکرێ بەو موحەمەده صلى الله عليه وسلم، لەبۆ وەی بگاته مەقامی مەطلوبی ئیرادەی خوای جل جلاله.

مەجموعەکیش مەربوط بوو بەمەی بەشەر، ئەمەی موئمینین له سەر کورەی ئەرض، ئەویش خیطابی رەببانی بەبێ واسیطه، بەبێ ئەوەی جبریل مەوجود بی، له (رب العالمين)ەوە نەقل کا لەبۆ مە، (فأوحى إلى عبده ما أوحى) (سورة النجم-أية ١٠).

له ئیستینتاجی بەشەری جوملەك ئومورمان تەحصیل کرد، یەك لەوانه لەبۆ تەذکیر گوتمان: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم له بيت المقدس تانی ئیعتیڕافی ئەنبیاء و روسول هەمووی کەسب کا، وە ئەنبیاء قاطیبەتەن هەمووی لەبۆی مۆر بکەن، که ئەو پێغەمبەره بتانی به لیسان حالی ئەو ئەنبیائانەش، یاخود به مومەثیلین به نیسبەت ئەو ئەنبیائانەش بتانی ئیقامەی حوجه تەبلیغ و تەفهیمی ئەو دینەی بکا، لەبۆ ئومەمی باقی لەو ئەنبیائانه له سەر کوڕەی ئەرض، وەکو صابیئه، وەکو یەهود، وەکو نەصارا، وەکو زەردەشت زەرادەشتیین بتانی ئەو موحەمەده به ویستی نەبی و رەسولەکانی خۆیان وە به لوغەتی ئەو نەبی و رەسولەش، مەفاهیمی ئیمانی و رەببانی تەحویل بکا لەبۆ ئا ئەو ئومەمانه ئەو شوعوبانه، ئەوە له سەر ئەرز.

که تەفسیری ئەو ئایەتەمان کرد اعوذ بالله من الشيطان الرجيم: (وإذ أخذ الله ميثاق النبيين لما آتيتكم من كتاب والحكمة ثم جاءكم رسول مصدق لما معكم لتؤمنن به ولتنصرنه)(آل عمران ٨١)، ئەو دوو

بوعده ضەوئمان هاوێشته سەر، (لتؤمنن به ولتنصرنه)، ئەوه ئیرادەی خوایه جل جلاله که ئەنبیاء وه روسول هەموویان ئیمانیان بەو موحەمەدەی هینا، ئیذەن هەموویان بوونه ئەتباعی محمد (لتؤمنن به) ثم (لتنصرنه)، کەلیمەی نەصر نەصرِ نەصرِی قورِئانی نەك نەصرِی عەسکەری نەصرِ به مەفهومی شمولی ناو قورِئان (ولتنصرنه)، (قال أءقررتم وأخذتم على ذلكم إصري) بالإجماع به ئیجماعی موئتەمەر، (قالوا أقررنا قال فاشهدوا)، ئەوه رب العالمین دەفەرمیی: (وأنا معكم من الشاهدین)، بەو بوعده پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم، مەلەفاتی هەموو ئەنبیاء و روسولی لەکن جەمع کرا، ئەوه صیبەغی تەعامولی ئەو پێغەمبەره نازداره، لەگەر بەشەرییەت بالإجماع له سەر کورِەی ئەرِض.

له ضمنی وەی مەجموعه نوقاتەك، که ئەورِۆ دەمەوێ زیاتر ضەوئی باوێمه سەر، ئەویش ئەو قەضییەی که مەوجود بووه له بەینی پێغەمبەر و بەینی ئەو ئەنبیائانه، قەضیەکی ئیمانی صرِفه، (لتؤمنن به) پاشان (ولتنصرنه)، یەعنی ئیرادەی رەببانی لەو هەموو ئەنبیائانه، ئەوه بووه که فیعلەن محمد صلى الله علیه وسلم مومەثیلی ئیمانه له وجود، ئەوانیش مومەثیلی ئیمان بووینه به زەمان و مەکانی خۆیان، هەر ئەنبیائەك، هەر رِەسولەك، له مەنطیقەی جوغرافی و له زەمەنی خۆی مومەثیلی ویستی خوای بووه، ئەمما لەمەو پاش ئیوانه هەمووی قەطع دەبی، رِیسالەتی زەمەنی و مەکانی وانه هەمووی رِادەوەستی، له مەو پاش محمد مومەثیلی ئیمانه، لەخۆیەوه دەست پێدەکا هەتا ئەخیر ئینسان له سەر وجود وه لەبۆ هەموو کەون، نەك بەس ئینسان، لەناو کەون مەخلوقاتی زۆریتکه هەیه، ماعەدای جن و مەلائیکەت ئەوانه هەموو کوللەن موئمینن، به رِیسالەی محمد لەبەر ئەوەی هەموو عەبدی (رب العالمین)ن.

ئیذەن رِیسالەی محمد ئەصڵ و ئەساسی ئیمان هینانه، وەکو له چەندەها جار دروسی سابق موحاضەراتی سابیق بەحسمان کردییه، که قەضییەی قورِئانیش هەموو ئیجادی ئەو حالەتەیه له ذاتی ئینسان.

ئەنبیاء و رِوسول به عەینی صیفەت دێن ئەوراق ئیعتیماداتی خۆیان تەقدیمی پێغەمبەر دەکەن صلى الله علیه وسلم، به بوعدی ئیمان (لتؤمنن به)، لۆیێ هەموو رِەسولەك ئەغلەبی موفەسیرین له سەر ئەوەن که دەهاتن دەگەیشتنه ئەو مستەوایەی که فیعلەن رب العالمین ئیرسالیان بکا، بیاننێری لەبۆ قەومی خۆیان، ئا ئەو تەعەهودەی لێوەرگیرایه، هەموو رِەسولەك، وه هەموو نەبییەك، ئەمما بالإجماع وەکو حالەتی بیت المقدس نەبووه، حالەتەکی فرید من نوعه، موئتەمەرەکی رِیسالی و نەبەوی ئیجماعییه، دەبا فیعلەن ئەو هەموو ئەنبیائانه مەقصەدی رەببانی، ئیرادەی خوای ئیجاد بکەن، ئەویش ئیمان هینان بەو پێغەمبەره.

طەبعەن کەلیمەی ئیمان هینان غەیری موسڵمان بوونە، لە قورئان ئەوە واضحە، پێشی ئەو تەعەهودە یاخود ئا ئەو موئتەمەرە ڕیسالییە، قیادە و زیمامی کورەی ئەڕض بە دەست بەنی ئیسرائیلیین بوو یەهود، چونکی حەزرەتی عیسا موکەمیلە لەبۆ ڕیسالەی موسا علیه السلام، حەزرەتی عیسا موکەمیلە لەبۆ ڕیسالەی موسا، حەزرەتی عیسا چی ئیظافەی پێ نییە، ئیذەن فەرعەکی ڕیسالەی حەزرەتی موسا رب العالمین بە واسطەی حەزرەتی عیسا تەجدید دەکا، نەك ئیظافەیە.
ئیذەن ڕیسالە ڕیسالەی وجود، کورەی ئەڕض بەدەست بەنی ئیسرائیلیین بوونە، ئەمما لەبەر ئەوەی بەنی ئیسرائیلی فیعلەن بە هەموو مەقصەدی بەشەری تانیتیان تەحریفات لەذاتی ڕیسالەی خۆیان بکەن، لۆیێ رب العالمین دیتیتنی کە ئەوانە ئەو جەمعە مولائیمی ئەوەی نینە، نەك ببنە وەسیط بەینی الله و بەینی عیبادی، ئیننەما حەتا مومەثیلی خواش نەبن لە سەر کورەی ئەڕض و وجود، وەکو هەموو موئمینەك دەبی ببتە مومەثیلی رب العالمین کە خەلیفە لە سەر وجود.
ئیذەن لێرە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئا ئەو ڕیسالییەتی یاخود ئەو قیادەتەی ئەڕضی لە بەنی ئیسرائیلی قەطع دەکا، بە ئیرادەی خوای وە حەزرەتی موسا وە حەزرەتی عیسا بە ئیرادەی خۆیان، بە بوعدی ڕیسالەت تەقدیمی محمد دەکەن صلی الله علیه وسلم، ئەو کە ئیستیلامی دەکا لەویەوە کە دەست پێ دەکا، پاشی خۆی پاشی وەفاتی خولەفاء دێن، نەك بەس ئەبوبەکر و عومەر و عوثمان و عەلی، هەرچی موئمینەك لە سەر وجود خەلیفەی ئەو موحەمەدەیە، چونکی خیلافەتی عومقی خیلافەتی لە (رب العالمین)ەوە وەرگرتیە، (إني جاعل في الأرض خليفة) (سورةالبقرة-أية٣٠)، (واستخلفكم فيها).
ئیذەن هەرچی موئمینەك فیعلەن بە هەموو موکەمیلاتی، ئەو ئیمانەی تەمثیلی ئا ئەو خیلافەتەی کردیە، لە کێوە وەری گرتیە، سەحبی کردیە؟ لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەر لە کێ ئیستیلامی کرد؟ لە حەزرەتی عیسا و موسا، ئیذەن موئمینین لایەقن بەوەی فیعلەن قیادەی کورەی ئەڕض بکەن، ئەمما چ نەوعە موئمینەك؟ مواصەفاتی دەبی وفقی مواصەفاتی قورئان بی، مواصەفاتی وفقی مواصەفاتی محمد بی، ئیمانی کەمم و نەوعی ئیمانی دەبی وفقی ئیمانی کەمم و نەوعی ئیمانی محمد و موحەمەدیین بی.
پاشان قەواعیدی دولة الله، نەك الحكومة الاسلامية، قەواعیدی دولة الله ئیرصاء بکا، محمد لە سەر کورەی ئەڕض، ئەویش بەوەی فیعلەن هەتا حەزرەتی موسا و عیسا حوکمی خوای بووە لە سەر کورەی ئەڕض، ئەمما بەنی ئیسرائیلی تەحریفیان تێدا کرد، ئیذەن کەلیمة الله کە تەورات و ئینجیل بوو تانیان بە هەوا و بە ضنون و شەهەواتی خۆیان تەحریفی بکەن، ئیذەن هەرچی لەو تەورات و

ئینجیله تەحویل دەکرا لەبۆ واقیع، عەکسی إرادة الله بوو، هەرچی نوظومی دینی وە تەرتیبی دونیەوی وفقی ئەو نوظومە، دینیەی غەیری إرادة الله بوو.

لێرە مەفاهیمی عەدالەت و مەفاهیمی مساوات و یاخود هەرچی ویستی خوایە لە سەر وجود، وفقی ویستی خوای دیسان نایەتە وجود، رب العالمین ویستی ئەوەی ئیلغا بکا، (لە الخلق والأمر)(الأعراف-أیة٥٤) ئەمرەکە خۆی حوکم دەکا، یەعنی ئەمری کەون و وجود و کورەی ئەرض دەبی بە دەستی رب العالمین بی، ئەمما مەجموعەك وەکو نوواب بێن ئەو ئەمرەی تەحویل بکەن، ئیدارە و ئیدامەی پێ بکەن، لەناو بەشەر خەریتەکە ئی خوایە، ئەو عەناصرانەی کە دروستیش دەبن دەبی وفقی ئیرادەی خوای بی دروست بوونیان، ئەوامیری خوای، ئەمری خوای حوکمی خوای، وفقی ئیرادەی خوای بە واسطەی عەناصری کە لەبەر چاوی رب العالمین خەلق بووینە و دروست بووینە، ئەوان دەتانن تەحویلی کەن لەبۆ وجود.

ئیذەن دولة الله یاخود الحکومة الربانیة، ئا ئەو جەمعە دەیکا کە محمد دروستیان دەکا پاشی خۆی، ماتەبەققا ئەگەر جەمعەکیتکەش بێ وفقی مواصەفاتی موحەمەدی نەبی، موحتەمەلە موسڵمان بی و ئیسلامی بی، ئەمما جوزئییە قەضییەکە، ئیرادەی خوای لە سەر نییە وە ناشبی، لۆیێ نەصر وفقی حوکمی رەببانی لە سەر وجود لە سەر کورەی ئەرض، لە سەر مەنطیقەکی جوغرافی، ئەگەر وفقی ئیرادەی خوای نەبی نەجاح نایني، هەر چەند تەجەروبەکان تیکرار و ئیعادە ببتەوە، لۆیێ زۆر زرورییە طالیبینی حوکمی خوای نەك حوکمی ئیسلامی، ئەغلەب جار موراجەعاتی خۆیان بکەن لەو بابەوە.

یەك لەو بوعدە کورە ئەرضییانە، یاخود بەشەرییە عاممە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، لەو سەفرە قەصیرە زەمەنیە، وە عەضیمە کەونیە کردی و گەراوە، ئەوەیە کە ڕیسالەکەی لەبۆ هەموو بەشەرییەتە، ماددەتەن ئیمتیحان دەکرێ، لەپێشی دەرکەی بیت المقدس، بەحسمان کرد کو ئێستا لەوانەوە مایە، لە پێغەمبەرەوە مایە صلی الله علیه وسلم، کە روئەساء رەئیس جهمورەك، مەلیکەك، دەچێتە دەولەتەك بە میوانداری لە مەطار یان لە میناء کە ئیستیقبال دەکرێ، شتی خواردن و خواردنەوەی لۆ تەقدیم دەکرێ، لە عێراقیش ئەوە جاری بوو، سوننە بوو خورما و ماستاویان تەقدیم دەکرد، مندارەك سینیەکی لە دەستە، فلان مەلیك یان رەئیس جمهور هاتیە ئەو خورما و ماستاوەی تەقدیم دەکرا لەبۆ تەرحیب.

ئەوە تەجروبەکی ڕیسالی بووە قەدیمەن، رب العالمین ویستیتی محمد ئیختیبار بکا، لۆوەی فیعلەن ئایا محمد مولائیمی ئەوەیە ببتە مەبعوثەك لەبۆ هەموو بەشەرییەت، لە ئیمتیحانەکە بە فەزلی خوای ناجیح بووە، لە بەر ئەوەی محمد بوونیەی ئەساسی داخیلی نەفسیاتی هەموو کیانی وفقی مواصەفاتی

بەشەر و فیطرە دروست بووە، وە خودا دروستی کردیە، (ألم يجدك يتيما فآوى)(الضحى-أية ٦) هێشتا لە ناو زگی داکی بوو یەتیم بوو.
ئیذەن ئیوائی ئیمانی پاشان ئیوائی بیئی رب العالمين ئیعدادی لەبۆ دەکا، (ووجدك ضالا)(الضحى-أية ٧)، کەلیمەی ضالیشمان بەحسکرد نەك مونحەریفەن، نەء (فهدى) (ووجدك عائلا)، حەتا بوعدی ماددی پارە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەستی کورت بووە، (ووجدك عائلا فأغنى)(الضحى-أية ٨) هو، ئەو هەموو ئیرادەیە ئەو هەموو هەیمەنەیە لەسەر حەیاتی پێغەمبەری، دیارە داخیلی پێغەمبەری صیاغەکی نەوعی کرایە ئەویش وفقی ئیرادەی خوای، لە سەر چ؟ لەسە فیطرە، کە هەموو بەشەرییەت لەسە ئەو فیطرەیەی موتەفیقە و موتەوەحیدە.
کە دێ لەبۆ ئەنبیائەکانیش ببتە ئیقامەی حوجە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە تەقدیم دەکرێ مەلائیکەت ئەو حالەتەی لەبۆ تەقدیم دەکا، یەکسەر دەست درێژ دەکا لەبۆ شیرەکەی، کە شیرەکەی دەخوا پاشان جبريل دەڵێ: أختبرت ونجحت اخترت الفطرة، لۆوەی فیعلەن ئەنبیائەکان و روسولەکانیش ببینن ئا ئەو نموزەجەیە، رب العالمين ڕازی دەبی هەتا کەون مایە ڕیسالەکەی ماشی بی، وە مەفعولی خۆی بمینێ ئیکسپایەر نەبی، لە هەموو ئەزمینە وە لە سەر هەموو کەون نەك بەس کورەی ئەرض.
ئیذەن ڕیسالەی موحەمەدی ڕیسالەی فیطرەی بەشەرییە، لۆیێ تەمەشا بکەن هەر وەقتەکی، ئەو دینە وفقی ئیرادەتی خوای دیسان تەقدیمی هەر بەشەرەکی کرابی، مهما کان هەویة، لە چ بوقعەکی کورەی ئەرض ژیابی، بەس فیطرەی قیچەك نەقائی پێوەی مابی، یەکسەر وەکی موغناطیسی پێوەی بووە ئەو دینە، یەکسەر قبولی کردیە.
لۆیێ هەر لەبۆ تەئکید دەتانن موتابەعە بکەن لە ئەوروپا و لە غەرب لە یابان، لەدوەلی شەرقی ئاسیا، ئەوانەی کە دێن لەبۆ ئیسلام زۆر زۆر زیاترن لەو ئەعدادانەی کە صەحوە مەوجودە لە بیلادی ئیسلامی، أو ما يسمى بالبلاد الإسلامية، لۆ؟ چونکی ئەوان کە موخاطیبی موقابیل حامیلی ئەو دینەی دێ تەفاهوم دەکا لەگەر مەدعو، بە فیطرە تەفاهوم دەکا، کابرای مەدعو بەینی خۆی و بەینی ئەو دینەی حوجوب نابینی سدود نابینی، یەکسەر تەسلیم دەبی، وە بالأخص عولەماء و عەباقیرە و خوبەراء.
یەعنی ئەخیر ئیحصائییە لە دوەلی ئەسکەندنافی ئەعدادەکی زۆر لە عولەمای ماددی هاتینە ناو ئیسلام لە یابان لە بریطانیا، صەحوەی ئیمانی لەوێ لە نەوعییات لەناو نەوعییاتان زۆر بەقوەت ترە، وەکو ما سميناه بالصحوة الإسلامية لێرە، لۆ؟ چونکی دینەکە دینی فیطرەیە، دینی داخیلی بەشەرە، مەجموعە ئەقاویل و مەفاهیمی فەلسەفی و مەنطیقی نییە.

لۆیێ ئەگەر بشمانەوێ ئەمە دیسان ئەو دینەی تەقدیم کەین، دەبی دیسان بە نەفسی نەقاء، بە نەفسی خولوص کە لە قورئان مەوجودە تەقدیمی بکەین، نەك بوعدی بەشەری خۆمان ڕوئیای خۆمان لە قورئان و لە ئیسلام، کە دەعوەی کابرای دەکەین لەبۆ دین، دەعوەی دەکەین لەبۆ فیکری خۆمان، لەبۆ مەفاهیمی خۆمان، لەبۆ موئەثیراتی کە خۆمان پێوەی موئەسیرین، لۆیێ کابرا کە دێتە ناو ئیسلامیش دێتە ناو بوعدەك ئیسلامی، دێتە ناو جوزئەکی ناو ئەو ئیسلامەی کە خۆتان تێی دەگەن.

ئیذەن دیسان دەبی فیطڕەتییەتی یەکی ئەو دینەی ئیعادە ببتەوە لە ئەثنای تەقدیم، کە ئەوە دینە، وە مەطڵوب لە موقابیل ئیمانە، هەمووشی بالنهایة تەعبیری ئەو بەشەریەتەیە، لەبۆ رب العالمین جل جلالە، نەك حوکمی ئیسلامی و ئیقامەی دین وە شتیتکەش پاشی.

پاشان نوقتەکی زۆر موهیم، کە لە ڕیسالاتی سابیق بەو دەرەجەیەی بەو مەکشوفییەتەی مەوجود نەبووە ئەویش: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ڕیسالەی لەبۆ هاتیە، وە ئەنبیاء و ڕوسولیش هەموی مۆریان کرد، باشە بە محمد گوترا: ئەو هەموو ئەنبیاء و ڕوسولە تازە ئیمانی بە توو هینا، وە ڕیسالەشت زەمەنی نییە لەبۆ هەموو بەشەریەتە، چی دی رب العالمین ئیتیصالی نامینێ، عەن طەریقی ڕیسالات و وەحی موباشەرەتەن لەگەر بەشەر، ئیدی نابی هەموو حاجاتی ئەو بەشەرییەتە، پاشان هەموو مەفاهیم و مەبادیءو، حەتا علوم و مەقاصیدی رەببانی لەو کەونەی لە ڕیسالەتی موحەمەدیدا مەوجود بی؟ لە جەواب دەرێین بەرێ، رب العالمین دوو نەوعە ڕیسالەتی دایتە محمد صلی الله علیه وسلم، لە ناو قورئان هۆردوکی مەوجودە.

یەکەمین: ڕیسالەی شەرعی، کە ئەو هەموو ئەحکامانەیە عولەمائی شەرعی لەبۆی داینانە لە نوێژ و لە ڕۆژی الی ئاخیریهی، کە عیلمەن زۆر کەمە ئەو هەموو ئەحکامانە موقارەنە بکە لەگەر ڕیسالەی کەونی.

ڕیسالەی کەونیش تەقسیم دەبی لەبۆ دوو مەجموعە:

ئەلف: خۆی ئایاتە وەکو خەلقی ڕۆژ، ڕۆژ بذاتە خەلقی مانگ خەلقی وجود نجوم پاشان نەبات، حەیوان، ئەوانە هەمووی ئایاتن کە دێن ئەوانە تەعامول دەکەن دێنە وجود، حەرەکە دەکەن، نەشاط دەکەن دەبنە سونەن وفقی سونەنی موعەییەن ئیش دەکەن، ڕیسالەی موحەمەدی ئاخیر ئیبتیکاڕاتی رەببانی، وە مەقصودی خوای لەو هەموو وجودەی لەناو ڕیسالە و قورئانی موحەمەدیدا مەوجودە هەمووش بە نەتائیج، ئاخر ئیبتیکاڕاتی طوببی بە نەتیجە لەناو قورئان مەوجودە، ئی فیزیائی بە نەتیجە لەناو قورئان مەوجودە مەخسەدم کەلیمەی نەتیجە، یەعنی چەند موختەبەراتی وجود هەبی لەسە کورەی ئەرض، هەموویان یەك تەجروبە بکەن، یەك تەجروبە هەموویان یەك تەجروبە لە یەك زەمان لە یەك مەکان لەبۆ یەك شت، کە گەیشتنە یەك نەتیجە موحەصیلەی ئەو تەجروبەیە فیزیائی

بی كیمیائی بی طەبیعی بی جیۆلۆجی بی الی ئاخرە، طوببی بی گەیشتنە یەك نەتیجە عەینی نەتیجە لە ناو قورئان مەوجودە، نەتیجە لە ناو قورئان مەوجودە.

لۆیێ برادەرەك برایەكمان لە ئەڵمانیا، لە سەر یەك مەقطەعی ئایەت دكتۆرای وەرگرت، بە فەترەكی زەمەنی زۆر كورت، ئەویش رب العالمین لەسەر زمانی حەزرەتی زەكەریا دەگێرتەوە كە دەفەرمی: (قال رب إني وهن العظم مني واشتعل الرأس شيبا) (سورة مريم-أية ٤)، قەضییەكی طوببیە، عەظم ئێسك وەهنی تووش دەبی كە ئینسان گەورە بوو، كەلیمەكە لە كوردی نەمدیتیە موڕادیفی، حالەتەكە لە ئینسان كە عومری گەورە بوو، ئێسكی وەهن دەبی، كەشفیش بووە لەناو ئەو ئێسكەی خرۆكەی سوور دروست دەبی، كە ئێسك وەهن بوو عیلاقەی موباشیری بە سپی بوونی پرچ هەیە، عیلمەن كەلیمەكە حەزرەتی زەكەریا كە ذكری دەكا، (واشتعل) كەلیمەی ئیشتیعال كیمیائییەن یەعنی سوتان، ئیسپاتی كرد ئەو برایەمان بە واسطەی ئا ئەو مەقطەعە ئایەتەی كە فیعلەن ئیشتیعال لە پرچی ئینسان دروست دەبی، كاتی كە كاربۆن دەگۆڕێ تەحویل دەبی ئەو پرچە ئەو پرۆتین و ماددە كیمیاوییانە تەحویل دەبی لەبۆ كاربۆن سپی دەبی، وەكی خەروزی كە زۆر چاك ڕەش، دەسوتێ دەبتە خۆڵەمێش سپی هەردەگەرێ، عەینی ئەوەش ئەوها سپی دەبی بە سووتان.

نەتائیجی طوببی لەناو قورئانمان مەوجودە، ئەوەی كە عیلاقەی بەمە هەیە لە حەیات، نەتائیجی فیزیا لەناو قورئان مەوجودە، لۆ؟ چونكی بوعدی ڕیسالەی موحەمەدیدوو بوعدە، ڕیسالەی كەونی وە ڕیسالەی شەرعی، ئەویش لۆ؟ لۆوەی فیعلەن ئەگەر هاتوو ئەو جەمعە موئمین بوون، تەطبیقی ڕیسالەی شەرعیان كرد صەتاصەت، دەتانن فیعلەن ببنە موختار لەبۆ ڕیسالەی كەونیش، ئەمما ئەگەر فیعلەن وفقی مواصەفاتی محمد و صەحابە ئیمان و قەناعەتیان بەو قورئانەی بوو.

نوقتەكیتكە: ئەو هەموو ئەنبیائانە كە جەنابیان هەمووی دانیشتبوون لە موئتەمەر، دەزانن هەریەكە تەمسیلی میللەتی خۆی دەكا، شەعبی خۆی تەمسیل دەكا مەجموعە ئەقوامەك شعوبەك، مەسئولینەكانیان بە وفود لەو موئتەمەرەی مەوجودن، ئیذەن لوغەی ڕیسالەی موحەمەدی صلی الله علیه وسلم، حەتتا ئەو ئەقوام و ئەو شعوبانەش هەمووی ئیشباع دەكا، هەمووی تێر دەكا، لۆیێ لە پاشی ڕیسالەی موحەمەدی موئمینەك دەرنەچوو ڕیسالەی قەومی پێ بی، موئمینەك دەرنەچوو ڕیسالەكی ئینسانی پێ بی، دوور بی لە ڕیسالەی قورئانی، لۆ؟ چونكی ئینسانەكان هەموویان بە واسطەی نووابی خۆیان لەو موئتەمەرەی ئیذەن هەموو حقوقەكیان درایتێ، لۆیێ ڕیسالەی موحەمەدی ڕیسالەكی ئینسانییە، لەبۆ هەموو كورەی ئەرض.

نوقتەكی نیهائی و ئەخیر: لەو سەفرە رەببانییە، ئەویش ئەوەیە ڕیسالەی موحەمەدی دەمینێ مەفعولی، هەتا رب العالمین (يرث الأرض ومن عليها)، مەربوط نییە بە جەمعەك موعەیەن، بە

فیئەك موعەیەن مەربوط نییە، ئەو قورئانە ئیشی خۆی دەكا، كەینێ ئینسان فیعلەن تەقەبولی كرد بە ئیتتیباع، ئەو قورئانە ئیشی خۆی دەكا، هەر وەقتەكی ئینسان مەوجود بی بێ تەعامولی لەگەر بكا، وە نەفسی ئەحكام كە لەبۆ پێغەمبەری مایە صلی الله علیه وسلم، لەو قورئانەی وە ڕیسالەی كەونی و شەرعی، ئەو ئینسانە دەتانی عەینی دەور ببینی عەینی تەمثیل ببینی بەنەفسی كەمال، بە نەفسی دەرەجە.

مەثەلەن رب العالمین ئیرادەی ئەوها بوو عەشەرەی موبەشەرە ببی، یەعنی ئیمامی عومەر هێشتا هەژدە ساری مایە لە سەر كورەی ئەرض دەژی پێی گوترا ئەتوو جەننەتی، تەصەوڕ كەن یەعنی ئەو خوایەی ئەتوو ئێستا سەجدەی لۆ دەبەی یا عومەر لێت رازییە، عیلمەن لەكنەمە مەجهولە ئێستا ئەو قەضییەیە، نازانین ئایا فیعلەن خوا لەمە ڕازییە یان نا؟ هەزار و دوو سەد صەحابی موبایەعەی پێغەمبەر دەكەن صلی الله علیه وسلم تەحتە شەجەرە، رب العالمین پێیان دەفەرمی: (رضی الله عنهم ورضوا عنە)، هەزار و قسور صەحابی، یەعنی كێ دەرێ ئەو جەمعەش یان لە ناوەمەش نییە، فیعلەن ئێستا خوا لێی ڕازی بی، ئەو ریضوانە بەس لەبۆ وان نەبووە، بە چ؟ ئەگەر هاتوو تەوافوقی ڕیسالەی شەرعی و كەونی تەحصیل بكەین، ئەمە بە هۆردوو بوعد ئێستا موحتەمەلە رب العالمین لێمان ڕازی بووبی.

وە دەشكرێ ئەوە تەحصیل بكرێ عەن یەقین، ئەگەر فیعلەن ئینسانی موئمین عیلاقەی حەقیقی بوو لەگە رب العالمین، وفقی میعیاری قورئان ئیحساس بەو حالەتەی دەكا، والله ئیحساس بەوەی دەكا ئەو نوێژەی قەبوڵ بوو یان نا هەتا فەرضیش، لەناو داخیلی خۆی ئیحساس دەكا ئەو نوێژەی قەبول بوو یان نا، یاخود نیسبەی میئەوی نوێژی كە فیعلەن صادیق و موخلیص بوو، وەكو محمد و صەحابە لەگە رب العالمین و لەگە قورئان.

ئیذەن ئەوەی لەبۆ مە مایە كیتابەك نییە ناوی قورئان بی، لە ئەڵمانیا طەبع بكرێ، ئەوەی لۆ مە مایە حەقیقەتە، نەفسی سوڕەتی ئەنعامە هەشتا هەزار مەلائیكەت دەهێنتە خوارێ، ئەمما كەینێ؟ ئەگەر هەر نەفەرەك لەمە وەكو ئەبوبەكر تەعامول لەگەر سورەتی ئەنعام بكا، سورەتی ئەنعام حەییە نەمردییە ئەمە مردینە، ئەگەر ئەو حالە ئیمانییە مەوجود بوو لەمە فیعلەن سورەتی ئەنعام و هەموو صوەری قورئان فاعیلیەتی خۆی دەكا، بە نەفسی مستەوا، ئەو وەختی نوێژیشمان تەئمین دەكەین لە قبول، لە عەینی وەقتیش دەوری خۆمان دەبینین وەكو ئەنیشتاین و نیوتن لە سەر وجود، ئەوە ڕیسالەی هۆردوو بوعدی ڕیسالەی قورئان، عبودییەتی (رب العالمین)یشمان تەكمیلە كرد، ئیذەن ڕیضوان (الله)شمان تەحصیل كرد، لۆێ بە قەناعەتی خۆم هەر خەلەلەك ماددی ئەو مەعنەوی، لە مە ئیجاد بكرێ، ضرورییە موراجەعەی خۆمان بكەین لە وجود، هەر خەلەلەك هەتا لە ئەسنای

تەطبیقی مەفاهیمی قورئانی کە فیت وفقی ئیرادەی خوای نایێ، دەبی ئەمە موراجەعەی خۆمان بکەین.

لۆ نەصرمان لەبۆ نایێ؟ نەك خەلەلەکە لە ئایاتەکانە، رب العالمین حەییە مەوجودە، کو هیدایەتی صەحابەکان دەدا وە دایتی، وەکو هیدایەتی داخیلی مە دەدا، بە میئات و ئولوف عەمەلیاتی کیمیاوی دەکرێ لەناو بەدەنمان، کو هیدایەتی ئەو برۆیەی دەدا، ئەوها بروا هەمووی هیدایەتە، (خلق فسوى) (سورة الأعلى-أية٢)، (قدر فهدى) (سورة الأعلى-أية ٣)، ئەوهاشی.

پاشان کە هاتەوە وەکی جاران نەهاتەوە، چونکی چووبووە طائیف بەبێ حالەکی موعەیەنی ناو قورەیش، کە هاتەوە نەیتانی وەکو جاران داخیلی مەککە ببی، لە سەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم حەصر کرا، لەمەو پاش دەعوە بەو نەوعەی ناکەی، عیلاقاتت لەگەر موجتەمەع مەحدود دەبی، ئەو فەترەیەی مەجالت هەیە دەعوە بکەی، کە عومومەن هەموو ووفود و قەبائیل و عەشائیر دێن لە اشهر الحرم، تیجارەت و حەجی خۆیان دەکەن، بەس ئەو چار مانگە، ماتەبەقا خۆت و عەناصری خۆت بینای خۆتان دەکەن.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فیکرییەن وە دەعەوییەن بەو نەوعەی حەصر کرا، لۆیێ عام الوفود کە دێ، بەینی کوتوبی سیرە هەمووی بالإجماع قاطیبەتەن هەمووی بەینی ئا ئەو ساڵەی بەحسی ئەوەی ناکەن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەناو مەککە خەطوەی هاوێشتبی، چونکی بە جیوار هاتتە ناو مەککە، موجاویریش قانونی لەسە دانایە، رب العالمین لەو فەترەیەی ئەگە تەمەشابکەی ئەو سووەرانەی کە هاتتە خوارێ هەمووی یاخود لە صەتا هەشتای قیصەصە، قیصەصی ئەنبیاء و روسولە، یەعنی هەمووی تەعلیمەکی موکەثەف لەبۆ پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم، بەحسی موسا دەکا عليه السلام کە کو موسا هیجرەت دەکا دەردەچی، کە کو موسا تەعامول دەکا لەگەر فیرعەون، کە کو کە کو ئیللا ئاخیریهی، بەحسی حەزرەتی سولەیمان دەکا، کە جنودی حەزرەتی سولەیمان ئەوها بوو، حەزرەتی سولەیمان جیهازی ئیلتیقاطی سەمعی ئەبەو نەوعەی بوو، لە دووری چەند کیلۆمەتر گێی لە ذەب ذەبەی قسەکردنی مێرووستانەکی بوو، (وقالت نملة يا أيها النمل ادخلوا مساكنكم)(سورەالنمل-أيه ١٨)، (فتبسم ضاحكا) (سورەالنمل-أيه١٩)، گێی لێ بوو.

ئیذەن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، لەو فەترەیەی ئیعداد کرایە، لۆ؟ ئەو هەموو مەسئولییە ضەخمانە ئی کەونی، ئی بەشەریی، لە ڕیسالەتی خۆی، لە ئیسڕاو میعڕاج هاتەوە هەمووی دەبی لەگە خۆی ئیش بکا، وە لەگەل جەمعی صەحابە ئیش بکا، بیانگەینتە ئەو مستەوایەی کە مەطڵوبە رەببانییەن، لۆیێ جوللی نەشاطی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کەتە سەر چار مانگی أشهر الحرم، لەوێوە دەستی کرد بە خەریتە دانان.

مەثەلەن ئەبو بەکر هەرچی قەبائیلی عەرەب هەبوو داینا، ئەبوبەکر یەك بە یەك نەفەر نەفەر دیراسەیان بکا، زوعەمائیان، مەسئولینیان، تەقریبەن بیست و قسوور قەبیلەت و عەشیرە، لەدەورو بەری مەککە هەموویان وەکو ئیمارەتی ئێستا، ئیمارات، ئیمارات، یان حکومەتی گچکەی ئێستا، هەموو قانون و نیظام و عیلاقات و ئیجتیماعییات و ئیقتیصادییاتی خاصی خۆیان هەیە، ئەوانە هەموویان زوعەمایان هەیە، پەرلەماناتیان هەیە، ئەبوبەکر تەوظیف کرا یەك بەیەك، ئەو عەشائیرانە بخینی، عەدەدیان چەندە، لەکێندەرێ دادەنیشن، مەوقیعی جوغرافییان، پاشان ئەگەر هاتوو بوونە موسڵمان تەئثیراتی ئیجابیان لەبۆ دین چییە، چییان پێ دەکرێ لەبۆ دین، خۆیان وە ئەوصافیان چییە.
مەثەلەن قەبیلە هەیە وەکو قەبیلەی غیفار، هەر چەتە و رێگرن هیچیتکەیان نییە، قەبیلەیتکە هەیە موستەعمەرەنە، وەکو بەنی شەیبان، موستەعمەرەی فورسن لەسە حدودی بەینی عێراق وە جەزیرەی عەرەبی لەگەر فورس، ئەو وەختی حودودی فورس لە سەلمان پاك بووە، سەلمان پاکی نزیکی بەغدایێ، ئەو قەبیلەیە لەوێ حیمایەی ئەو مەنطیقەیەی کردیە، بەو بەرەیدا دیجلە هەبووە، قەبیلەیتکە نزیك شام ئەوانە عیلاقاتی سیاسی و ئیجتیماعی و ئیقتیصادییان لەگەر رووم بووە، حامی وان بووینە، حامی حدودی وان بووینە، قەبائیلیتکە وەکو کیندە، ئەو مەعروفە بە صەڵابەت و بە، قەبیلەیتکە وەکو عامرو بن ئەبی صەع صەعە، ئەوانە ئەصحاب عقول و صاحێب پارەن، پارە لە کێندەرێ مەصلەحەت لە کێندەرێ بی لەوێنە.
ئەوانە لەناو جەزیرەی عەرەبی دەژین، یەك بە یەك ئەبوبەکر مەلەف بە مەلەف، ئەوانەی هەموو دروستکرد، عام الوفد هات(اشهر الحرم)، چار مانگە وفود هەموو دێنە ناو مەککەی لەبۆ حەج، هەریەکەش مەوقیعی جوغرافی خۆی هەیە لەناو مەککە، کو ئێستا حەجاج دەچی، ئەوە جێی حەجاجە ئێرانییەکانە، ئەوە جێی حەجاجە عێراقیەکانە، ئەو وەختیش ئەوە هەمووی جێی خاصی خۆی هەبوو، هەر یەکە ڕەشماری خۆی لە مەنطیقەی خۆی لێدایە، ماعەدای تیجارەت و کڕین و فرۆشتنیش، بازاری خاصی ئی زەمەنیان هەبووە، ئی ئەو فەترەیە وەکو ذي المجنة و سوق عكاظ و ئەوانە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم یەك بە یەك قەبیلە قەبیلە مەلەفی وەردەگری لە ئەبوبەکر، دەکاتە قائیمەك لەکنە خۆی هەر چەند ڕۆژەك دەچتە کن قەبیلەکی، ئەوە ئوموری ناو قەبائیلەکان ئەبوبەکر هەمووی دیراسە کرد و هەمووی جەمع کرد و هەمووی حازر کرد لەبۆ خزمەت پێغەمبەر صلى الله صلى الله عليه وسلم.
لەعەینی وەقتیش ئوموری ئەمنی، لەناو مەککە حەرەکە هەیە، نەشاط هەیە، ئیحتیکاك هەیە، صەحابە لەگەر ئا ئەو جەمعانە عیلاقاتی ئیجتیماعیان هەیە، موحتەمەلە زاوایان بن، کچ و کچ خوازییان لە

یەکتر کردبی، شت کڕین و فرۆشتن، لەبۆ ویش دەبی خەتەك دروست کا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەوانیش بتانن تەئثیری ئیجابی نەك دەعوە تەئثیری ئیجابی لە سەر ئەو وفودانە کە هاتینە لەبۆ حەج لەبۆ کڕین و فرۆشتن، ئەثەری ئیجابیان لە سەریان هەبی، لەئەثنای ئیحتیکاك، ئەویش ئەمنییەن دەبی ئەغلەب بێن فەترە و فەترە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قەوائیم دەرکا ئەوها حەرەکە بکەن، ئەوها نەشاط بکەن، ئەوها بەحسکەن، ئەوها بەحسی دین بکەن، مەجموعەك خۆی کەشف کا، مەجموعەك خۆی کەشف نەکا ئەوەش مەسئولی ئەو حالەتەی ئیمامی عەلی بوو، کە حەرەکەی دەکرد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو دووەی لەگەرە، ئەبوبەکر لەگەریتی، ئیمامی عەلیشی لەگەرە.

مەسەلەن نزیك خەیمەکانی بەنی فولان بووینە، پێش ئەوەی بچن، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، بە ئەبوبەکری دەگۆ: یا ئەبابەکر کێیە زوعەمای وان ئەویش دەیژمارد، مەثەلەن فولان کوڕی فولان مەسئولی عەسکەرییانە، فولان کوڕی فولان مەسئولی ژن و ژن هینان و خواستن، فولان کوڕی فولان مەسئولی دینییانە، شکلیشی ئەوهایە ئەوهایە، لۆیی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە دادەنیشت شکلی کابرای دەزانی، مەلائیکەتیش هەیە موعاوەنەی دەکا، یەکسەر کە تەمەشای کابرای دەکرد کابرای دەناسی، مەلەفی کابرای لەکنە، وفقی عەقل و عومر و مەکانەی کابرای قسەی دەکرد.

کابرا کە مەسئولی دینیە بە بوعدی دینی قسەی لەگە دەکرد، لەناو یەك مەجلیسی دانیسشتینە ئەو هەمووە جەمعە، ئەوانە طەبعەن هەمووی مودەوەنە لە کوتوبی سیرە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وفقی ئەو عەقلییەتەی ئیشی کردیە، لەو مستەوا بەرزەی تەعامولی کردیە، ویستیتی ئیقامەی حوجە بکا لەبۆ موقابیل، نەك فەوزا و هۆسە، لەزۆربەی جێی سیرە لەبۆ مە بەحس دەکرێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەر وەختەکی هەموو وەختەکی هەر شیرەکەی لە سەر شان بووە، چاوی لە عالەمێ سۆر کردییە، ویستبی لەئەسنای مەطڵوب یەکسەر بەسەری شیرەکەی بەنوکی شیرەکەی، ئائەوە ئوسلوبی پێغەمبەری بووە صلی الله علیه وسلم؟!.

بابێین یەك یەك ئەو قەبائیلانە وەرگرین، مەثەلەن: عامر بن ئەبی صەع صەعە، ئەوانە قەبیلەکن، ڕاقیترین قەبیلە بووینە کە ئیستیقبالی پێغەمبەریان کردیە، صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەچتە کنیان سەلام دەکا هەموو هەردەستن لەبەری، دادەنیشن مەسئولی عیلاقاتی خاریجی ئەبوبەکر لەگەریتی، مەسئولی ئەمنیش ئیمامی عەلی لەگەریتی، یەکسەر عەرض دەکا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، کێ لەنگۆ زەعیمە؟ ئیشارەت لەبۆ یەکەکی دەکەن دەرێن: ئەوە مەسئولمانە، بەخێر بێن بەخێر هاتینە، ئەگەر ئیزنتان هەبی مەجموعە قسەکم هەیە لەگەرتان بکەم، طەبعەن کە ئیشارەتیان لۆ کرد، دەناسرێ ئەوە کێیە زەعیمی ئەو وەفدەیە.

دەرێ ئەمن پێغەمبەری خوایمە، رب العالمین ئەمنی ناردیە، ڕەسولم، وە مەقصەدم کەلامیش قسەتان لەگە بکەم، بەو بوعدەی قسەتان لەگە دەکەم، ئەگە ئیزنتان هەبی، ئەویش دەرێ فەرموو، ئەوجە لۆی شەڕح دەکا مەفهومی ئیمان، ئەوە ئەرکانیتی ئە بەو نەوعەی ئیمان دێ، بەو نەوعەش دەکرێ، ئەوەش واقیع دروست دەکا، ئیمان ئەو حالەتەی دروست دەکا، کابراش عاقرە زەکییە، دەرێ (واللە)ی قسەکی مەعقول دەکەی ئەتوو، لۆپێی دەرێ قسەکی مەعقول دەکەی؟ چونکی پێشترێ بە عەشەڕات ئیذاعات و جەرائید و موجەلات تەوزیع کرایە، قوڕەیش تەوزیعیان کردیە زدی پێغەمبەر و دین، ئەگە جائیز بی ئەوقسەیە ئیعلامییەن، زەمینەکی زۆریان داکوتایە زدی پێغەمبەری صلی اللە علیە وسلم.

ئیذەن مێشکی وان، گێی وان پڕ بووە لە جوملەك ئومورِی غەلەت بەنسبەت پێغەمبەری، کە پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم، عەڕزی قەزیەی دەکا دەرێن قسەکی زۆر مەعقولە، ئیذەن ئا ئەو قسانەی ئەوان کردیتیان هەمووی درۆیە، تانی عەقلی موقابیل کەسب کا، جارێ موشکیلە نییە قەلبی، باجارێ بەس مەجال بدا ئەمە قسان بکەین، جەوەکی هادیء دروست ببی لەبۆ تەفاهوم، ئەمما دەرێ ئەو قسانە هەمووی مەعقول بوو، ئەمما ئەمنیش نەفەرەکم لەو جەمعە، شوڕامان هەیە حەزدەکەم مەسئولی حەڕبیشمان، وەزیری دیفاعمان قسان بکا، وەزیری دیفاعیش دەرێ: یا أخ العرب قسەکانت زۆر ڕێك و پێکە، ئەوە بە پێغەمبەری دەرێ، قسەکانت زۆر ڕێك و پێکە زۆر مەعقولە، ئەمما دەزانی ئەتوو ئەمە مەنطیقەمان نزیك فولانە، نزیك فورسە یەعنی ئەمە جاشی وانین، ئەو قسەیەی ئەتوو دەکەی ئەوە شتەکی زۆر زەخمە، بەخوای مولوك پێی بزانن موحاڕەبەت دەکەن، ناهێلن دانیشی، فە ئەگەر هاتوو ویستت پاشی ئاوی حدودی فورس، هەتا ئاوەکەیە هەتا دیجلەیە، پاشی ئاوەکەی قەیدیناکە حیمایەت دەکەین، ئەمما بەولای ئاوی ناتانین قووەتمان نییە، دەبی دوژمنداری فارسەکان بکەین کیسڕا، قووەتی ویشمان نییە.

ئیذەن لەمەش تێك دەچی لەتوش تێك دەچی، دەبی عەفومان بکەی ئەوە ڕەئی منە، با مەسئولی وەزیری ئەوقافیش قسان بکا، وەزیری ئەوقافیشیان دەست دەکا بەقسان، دەرێ: اخ العرب قسەکەت زۆر مەعقولە، ئەمما لەفکرت نەچی ئەمە ئەغلەبمان کە عەڕەبین، ئیدکەشمان هەیە زەردەشتە، یەعنی ئیستیعمار فیکرییەن ئیستیعماری مەشی کردیە، نەك بەس عەسکەرییەن، دینییەن مەڕبوطی وانین، کە ئەو حالەتە لەناوە مە دروست بوو، ئەوبە ڕیددەیە لەکنەوان، نەك بەس عەسکەریین پێیان ناخۆش دەبی، موتەدەینەکانیشیان پێیان ناخۆش دەبی، ئیذەن ناتانین حیمایەی توش بکەین، لۆیە ناتانین حیمایەی خۆشمان بکەین، فەدەبی لێرە عەفومان بکەی، لەعەینی وەقتیش ئەمە مومەثیلین وەفدین تەمثیلی هەزارو قسور نەفەر دەکەین لەناو عەشیرەتی خۆمان، دەگەڕێینەوە ناو عەشیرەتی خۆمان

لەبۆ وانیش بەحسدەکەین، ئەگەر ئەوان ئیستیعدادیان هەبوو سەرچاومان قبورت دەکەین، بەرقییەت لۆ دەنێرین ئەتو نەقل بە لۆکنە مە، ئەمما ئەگەر هاتوو حالەکە بەو نەوعەیە ئێستا عەرزت دەکەین، بەو نەوعەش ئەوان پێیان نەکرا تەحەمول کەن دەبی عەفومان بکەی، ئەوە بەنی شەیبان بەو نەوعەی ڕۆیشتن.

قەومەکیتکە دێن، ئەوەی کە بەنی عامر کە حەزیان لەپارەیە، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەچتە کنیان، طەبعەن یەك بە یەك قەبیلەکان هەمووی دیراسە کردیە، دەچی دادەنیشی، قیچەك قسەم هەیە لەبۆتان بکەم؟ یەکسەر دەرێن: ئەها ئائەوەیە کە ئەبولەهەب بەحسی کرد، نەفەرەك لەوان، یەعنی ئاگاتان لێبی غەسل دەماغتان نەکا، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، مادام مەجالیان دایتێ دەبی تەبلیغی خۆی بکا ڕەسولە، دەرێ: دینمان ئەوهایە و ئیمان بەو نەوعەیە و کە ئیمان تەطبیق کرا ئەو حالەتە لە وجود لە سەر کورەی ئەرز دروست دەبی، یەك لەوان زیرەکە لەپشتەوە دانیشتییە، دەری: (والله)ی جەماعەت هەرچەندە قەول و وەعدیشمان دایە بە قوڕەیش، قسەی نەشکێنین، ئەمما (والله)ی زۆر فوڕسەتە، وەرە بائەمە ئەو کابرایەی بقەپێنین لۆ خۆمان، هەری قوزینەوە، (والله)ی هەرچی دونیا هەیە دەکەوتە بن دەستمان.

زیرەك بووە کابرا یەکسەر پێش پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، نەقل دەکا ئەو قسەیەی لێی ئەوجە دێ دەیەوێ موفاوەظات لەگەر پێغەمبەری بکا، دەرێ: باشە ئەوە ئەمە ئەتومان قبور کرد، ئەتومان بردە کنە خۆمان، خودا خودای توو ئەتوی نەصرڕدا وەکی خۆت دەرێی، بننیهایە نەتیجە چییە؟ دەولەت تەشکیل دەکەی؟ پارەت لۆ دی؟ زەکات و خەڕاج وە ئیلا ئاخیریهی..... ئەدی پاشان ئەمە دەکەیە خەلیفە لەپاشی خۆت؟ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، رادەوەستی دەرێ (الامر لله) ئەمن مەسئول نیمە، ئەمن موجەڕەد موبەلیغم وەکی بەریدەکی خودا بەمنی گۆتیە بەنگۆ برێم، لەسەوەی موفاوەظات ناکرێ، (الأرض لله یورثها من یشاء من عباده والعاقبة للمتقین) (سورةالأعراف-أیة ١٢٨)، نەك للمفاوضین، کابرا بەجواب دێ دەرێ: باشە ئەمە ئەو هەموو ماندیبوونە، ئەو هەموو کوشتن و ئەو هەموو سینگ دانە بەر شیر و گوللەی پاشان جەنابیشت بەکەیفی خۆت مەجموعەکی ئیختیار کەی، نەء نەمانوویست.

دەکرا پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لێرە برێ قەیدیناکە با ئەو فەترەیە با ئەوها بی، پاشی مردنی من ئەوجە تەفاهوم دەکەین، یان پێش مردنم خودا ئەمرم پێ دەرێ، ئیعلامم دەکا، کە ئەمن دەمرم ئەو وەختی تەفاهومەك دەکەین، ئەمما نا پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئینسانەکی سیاسی نییە موفاوەضە لە سەر مەبادیء ناکرێ، قەضییە ویزارات نییە، موئەسەسات نییە، وەزارەتی ئەوقاف و فولان و

فولان نییە، ئەوە دینی خوایە وە ئەوەش مومەثیلی خوایە، مومەثیلی خوای دەبی دینی خوای وفقی ئیرادەی خوای تەقدیم بکا، لەبۆ موجتەمەع و بەشەرییەت.

لۆیێ موفاوەظات ناکرێ لە سەر قەضییەی حوکم، (الأرض لله یرثها من یشاء من عباده) (سورةالأعراف-أیة ١٢٨)، لە عیبادی خۆی موئمینین چ نەوعە موئمینەك؟ ئەو موئمینەی فیعلەن بەو هەموو قەواعیدە قورئانیانە داچووبن، وە پەروەردەی محمد و (محمد)یین بن، نەك لەپەنای جادان و فولان وفولان هاتبن، یەکسەر جەمع بن تەحتە ڕایە موعەیەنە، لەبۆ مەخصەدەکی دینی، ئەوە مەرفوظە، چونکی هەواو نەفسی وانە جارێ تەعبید نەبووە، لەبۆ خوای، ئەوانە هەر ئینسانی صادقن، موحتەمەلە ڕدێن بەجێ بێلن، موحتەمەلە عەمامەی لە سەر دابنێن، شتێتکەش بکەن، ئەمما وەختی کە هاتە قەضییەی نەزوە و شەهوە و ئیرادەی ئینسانی، عەشەڕات ئوصول فیقهو، عەشەڕات قەواعیدی ئیسلامی دەینن، لۆوەی فیعلەن بگەنە ئەهداف و مەقاصیدی خۆیان، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەو وەختی دەکەوتە ئیشکال، باشە ئەوە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەدی دینەکە؟ دەبی دینەکە بەو نەقاء و صەفائەی تەقدیم بکرێ.

لویێ محمد صلی الله علیە وسلم، وزەڕاء و مەسئولیین و موستەشارینی دروست نەکرد، موئمینینی دروستکرد، ئەو موئمینانە بە تەسەلسولی ئیمانی، فیعلەن عەبقەریترین دبلۆماسیان لێ دەرچوو وەکو جەعفەڕ کە بەحسمان کرد، لەمستەوای مولوك لەمستەوای عاممە، وەکو موصعەب ابن عومەیڕ عەظیم ترین موئەسەسەی فیکری و ثەقافیان دروستکرد، لۆ؟ چونکی وەکی دەرسی هیجڕەمان هیجڕەی حەبەشەمان بەحسکرد، ئینسان کوتلەك مەواهیبە، وەکو بیلا تەشبیهـ بوتڵی سێڤن ئەپ بیبسی، کوتلەك لەمەواهیبە، ئیمان دێ ئەو سەرە قەپاغەی هەردەگری، ئەو ضەخطەی لەناوی دەردەچی، وە دەبی بە بەو دەقەی ئیمانیدا بڕوا، نەخۆ هەمووی ئێکسپایەر دەبی دەڕوا، ئیستیفادەی لێناکرێ، ئەو هەموو طاقاتانە، ئەو هەموو مەواهیبانە.

لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، مەدرەسەی دیبلۆماسی و مەدرەسەی مەسئولین و نوواب و مودەڕاء و عەسکەرییین و قواتی دانەنابوو، ئیمانی دانێ، رب العالمین ئەوجە مەواهیبەکانی تێدا دروست کرد، کردییەوە، لۆیێ تەماشا دەکەی جەعفەڕ کە موخاطەبەی مەلیك دەکا لە مستەوای مەلیك قسان دەکا، ئەمما موصعەب لەگە ئەسعەد بن زوڕاڕە قسان دەکا لەمستەوای ئەسعەد بن زوڕاڕە قسان دەکا، عەلی بن ئەبی طالب کە مەسئولی ئەمنە لەناو مەککە، لە مستەوای قیممەی کأنە دەولەتە.

دەرسی دادێ إن شاءالله ئەگەر خوا تەوفیق بدا، لەخزمەتتان بەحسی ئەوەی دەکەم، کەکو عەباس لە ظاهیری ئەمر کافر بوو، لەغەزوەی بەدر بە کافری گیرا و ئەسیر کرا، لەگەر ئەوەش کو ڕەتلی

خامسی پێغەمبەرە لەناو هەموو مەککەی، بەواسطەی عەباسی تەقاریر لەبۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەقل کرایە، لەناو مەککە و لەناو مەدینەش بەچ ئەوە هەمووی؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم جامیعاتی دانەنابوو، مەعاهیدی دروست نەکردبوو، دەوڕاتی نەکردبۆوە، نەء، ئیمانی دروستکرد لەناو قەلبی ئەصحابەکان، ئەصحابەکانیش ئا بەواسطەی ئەو ئیمانەی مەواهیبیان کراوە، وەکو سەرە قەپاغی بتڵی سێڤن ئاپی، لەبەر ئەوەی لەبۆ خواش تەعبید کراینە خوا تەوجیهیان دەکا و هیدایەتیان دەدا.

لۆیێ موستەشاری پێغەمبەری لەکن جەعفەڕ و موصعەب و ئەوانە نەبووە، ئەمما وفقی ئیرادەی خواش ئیشیان کردییە، لۆیێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕەفزی کرد لۆ؟ قەزییەکە حوکم نییە، قەزییە دینە ئەمری واقیع وەزعی پێغەمبەری وەی لێنەکرد پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئیقرار بکا لە سەر ئەو طەڵەبەی وی، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەحالەتی غەیری حالەی پێشی خڕوجی طائیفە، ئێستا تەحدید کرایە، ئەمرەکی زۆر ناخۆشە، واقیعەکی زۆر مەریرە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تێیدا مەوجودە، یەکسەر دەیتانی برێ (واللە)ی واقیعی من ئەوهایە باحەللەك ببینمەوە، ئەمما ئەمری واقیع وەی لێنەکرد تەنازوول بکا، نەخێر دین هەر دینە، مومەثیلی دین دەبی لەمستەوای دین بی، وە حەڕەکە و نەشاطیشی دەبی لە مستەوای دین بی، لۆیێ ڕەفزی ئەمری واقیعی کرد، کە دەیەوێ ئەو کابرایە لە سەری فەرض کا، کە پێغەمبەر صلى الله وعليه وسلم ئیحتیاجی بە نەصرەت هەیە.

پاشانیش کێ دەرێ ئەو قەبیلەیە هەر فیعلەن ئەو قەبیلەیەش چونکی ئەصحاب پارە بوون، ویستی پارە بوون، مەشاکیلی زۆریان لەگە قەبائیلیتکە هەبوو، لەگە جیرانەکانی خۆیان، کێ دەرێ پاشان ئائەو جەمعە ئەگەر نەیێتە ناو ئیمان ئیستیغلالی دین ناکا لەبۆ ئەهدافی خاصی خۆشی، دین ناکاتە جسرەك لەبۆ مەقاصیدی خۆی، ئەورۆ هەتا ئیشی پێیە، مەرحەباو سەرچاوی لەبۆ دەکا، پاشان کە مەجالی بوو ئەوجە لێیدە و پارچە پارچەی کا.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم عاقلە، وە هیدایەتیشی ڕەببانییە موباشیرە، فە لۆیێ موفاوەظات لە سەر مەقاصیدی دین و ئیمان ناکا، لۆیێ یەکسەر فەرمووی: ئەو صەفقەیە ئیهمال کە، ئەوەی کە ئەمن گوتم ئەوە وەحی بوو لەبۆنگۆم نەقل کرد، ئەنگۆش کەیفی خۆتانە، وازی هینا و هاتە دەرێ، ئەوە دوو نموزەج لەقەبائیل.

طەبعەن قەبائیلیتکە هەر لەدەرکەی نەیانهێشت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بێتە ژۆرێ لەو پازدە قەبیلانەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وەفد دەچوو موخاطەبەی دەکردن.

لەو ئەثنایەی خوا شتێتکەی دەوێ، باهەر قورەیش و ئەبولەهەب و حەتتا حالەت گەیشتبووە ئەو دەرەجەیەی ماعەدای ئەو هەموو دیعایات و ئەو ئیعلامەی زدی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم، ئەبولەهەبە لەدوو پێغەمبەری دەڕۆیشت، لەکێندەرێ دانیشتبا دادەنیشت، لەگەری دەیگۆ جەماعەت ئەوە برازای منە ئەمن چاکی دەناسم، فیعلەن کابرا گەورەیە لە عومر، سەرو سیما دارە، حاشاکی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم دەیگۆ: هذا كذاب، أو ساحر، أو مجنون، کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، دەستی دەکرد بەقسان دەیگۆ (والله)ی ئەوان دەیانگۆ عەشائیرەکان دەیانگۆ: (والله)ی ئەوە خزمتە چاکت دەناسی، إكفينا شرك لەزۆربەی قەبائیل ئەوهایان بە پێغەمبەری دەگۆ صلى الله عليه وسلم.

ئەمما دیسان ئیرادەی خوای شتەکیتکەیە، لۆیێ لەو سەین و بەینەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مەجموعەکی داخیلی ئیمان کرد، یەك لەوانە طوفەیل بن عمر و دووسی، ئەوە شاعیرەك بوو، هەر کە هاتە ناو مەککە ئیستیقبال کرا تەرحیبی کراو بردیانە دار الضيافة، خواردنەکی چاك، جێیەکی چاك، گۆتیان برێ شیعر لەسە پێغەمبەری، ئەویش دەستی کرد بەشیعر گۆتن لە سەر پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم، ئەمما وەکی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەپەنایەکی گرتی چ دەکەی؟ گوتی: دەی قسان بکە بزانم دەرێن ئەتوو ئینسانەکی ئەوهای بەحس کە بزانم چت پێیە؟ یەکسەر دوو سێ مەقطەعی سورەتی(حم)ی لەبۆ خیند، کابرا هەلەوێ تەسلیم بوو، بووە موسڵمان لەعەینی لەحزە ئیمانی هینا.

گۆتی: (والله)ی ئەوەی ئەتوو پێتە زۆر عەجیبە، ئیزنم دەدەی ببمە خەلیفەی توو لەناو قەومی خۆم؟ گوتی: بەرێ باشە ئایات و مایات نازانم، ئەمما فێرمکە، شتەکم بدێ غەیری ئایات غەیری قسە، دەستی برند کرد یا رەبی ئایاتەکی نیشاندە، ئایاتەکی بدێ ببتە دەلیل لەبۆ غەیری خۆی، یەکسەر بلاجکتورەك لەو نیو چەوانەی پەیا بوو، بەشەو کە دەڕۆیشت لەپێش چاوی، گۆتی: يارسول الله نەء لەنیو چەوانم نەبی نەوەك برێن والله هە ها ئەوە سحرە، سحری لێکرد، عەصای دائیمە عەصای لەدەست بوو، یەکسەر نورەکە هاتە ناو عەصای، لەغەزوەی خەندەق خۆی و قەبیلەی هەمووی هاتن بوونە دەعمی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم، ئەمما لەبنڕا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم عیلاقاتی هەبوو، هەرچ ئەمرەکی رەببانی بهاتبایە خوارێ لەبۆی دەنارد بەدزی، ئەویش بە قەبیلەکەی خۆی دەگۆ، ئەوانە موطەبیقی یەعنی دەولەتەکی ئیسلامی موصەغەر، لەناو قەبیلەی خۆی کرد، بێ ئەوەی عیلاقات و ئیحتیکاکاتی لەگەر مەککە و مەدینەی هەبی.

نەفەرەکیتکە صوهەیب بن صامت: ئەوە ئەوسی بوو خەلکی یەثریب بوو، مەدینەی موستەقبەل، ئەوەش هاتبوو نەفەر بوو لەوەفدەکی ئەوسی، بەینی ئەوس و خەزرەج مەشاکیل هەیە، دەرسی دادێ

إن شاءالله بەحس دەکەین، کە یەهود کو ئەو مەشاکیلانەیان دروست کردبوو، مەقطەعەکی چاك لەبۆ یەهود دادەنێین، یەهودی ئەو زەمانی یەهودی ئێستانە، ئەوە هاتبوو وەفدەك بوو لەگەر قوڕەیش، ئیتیفاقیەی ئیبرام بکەن ئەگەر هاتوو قەبیلەی خەزرەج شەڕی کردە سەریان قوڕەیش دەعمیان بکەن، ئەویش پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەپەنایەکی ئەوانەی دیت، لەجێیەکی قیچەك قسەی لۆ کرد ئەویش بووە موئمین، هاتە ناو دائیرەی ئیمان، کە چۆوە ناو وەفدی خۆی شەش نەفەر بوون قسەیان دەکرد یەکسەر گوتی: کورە جەماعەت (والله)ی ئەورۆ شەخصەکم مولاقات کردیە کە شتی زۆر عەجیبی دەگۆ، بەمن قوڕەیش و غەیری قوڕەیش بەجێ بێلین، بێین لەگە وەی ئیتیفاق بکەین، ئەگەر عەقریشتان ناگری باپێکەوە بچینە کنی تەفاهومی لەگە دەکەین، بەمن نەصرِی مە لەگەر وەیە، ئیستیفادەی مە لەگەر ئەو کابرایەیە، ناوی محمد بن عبدالله.
هە لەناو مەجلیس کابرایەك صەحرایە رەملە، مستەکی رەمل لە چرِو و چاویدا گۆتی: بزانێ ئەمە چ دەرێین، ئەو بەحسی چ دەکا، ئەمە لەچ ئاهەکینە ئەو بەحسی چ دەکا، ئەمە ئەوە شەڕە و خەزرەج هجوم دەکا و یەهود لەگەریتی و ئەمما کابرا موئمین بوو، لەحەڕبی بوعاث بەینی خەزرەج و ئەوس ئەو کابرایە کوژرا، کە ئەسنای مردنێ تەماشا دەکەن خزم و ناسیاری ئەو کابرایە بەحسی محمد دەکا، بەحسی (الله)ی دەکا فاتیحەی دەخینی، لۆیێ پێشی موسڵمان بوونی مەدینەیی هەموویان ئەو کابرایە موسڵمان بوو بەموسڵمانیش مرد.
نەفەرەکیتکە لە خەزرەجی بوو، بە حەج هاتبوونە وێ، وەفد بوون ئەویش پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەپەنایەکی گرتی، بەس مەجالی هەبایە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم یەکسەر تەوصیلی دەکرد، نوری ئیمانی دەدا قەلبی موقابیل بەس حوجوب نەبایە، ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەعزە ووفود بەعزە نەفەری دروست کرد لەناو مەدینە.
ئەگەر خوا تەوفیق بدا إن شاء الله لەدەرسی دادێ بەڕەحمەماتی خۆی إن شاءالله بە ئەڵطافی خۆی، بەخزمەتتان بگەین، ئەو ئەبعادانە ئیعادە دەکەینەوە کە فیعلەن کو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تانی دەولەتەکیتکە لەناو مەدینە دروست کا، وە حکومەت تەشکیل کا، هەلەو جموعەی کە لەناو ووفود مەوجودن، وە بتانی ئەو حکومەتە دەوری حکومة فی المنفی، ببینی، بە کامیلی صەلاحییەت، کە حکومەتی خوایە لەسە کورەی ئەرض، وە فیعلەن ئەوجە پاشان بوقعەی جوغرافی دروست ببی، وە ئەوجە جەمعی موئمینین هەموویان لەوێ تەشکیلاتی خۆیان ئیدامە و ئیقامە بکەن، بە ئیرادەی خوای، أقول قولي هذا، وأستغفر الله لي ولكم، سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمدلله رب العالمين.